# ڕۆژنامەنووسان دەڵێن ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراق "لە کەناری لەناوچووندایە"

### نوسەر: ئیگناسیۆ میگێل دێلگاد \ نوێنەری CPJ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا

لە هەیوانی چۆڵی هوتێلێکی هەولێر، ڕۆژنامەنووسی فریلانس، گوهدار زێباری گوتی "نۆ ساڵە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەم و لەوەتەی ئەم کارە دەکەم لە ژێر فشاری خێزانەکەم، خێڵەکەم و کۆمەڵگاکەمدام تا واز لە ڕۆژنامەگەری بهێنم. هاورێکانم لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە پێیانگوتراوە کە پەیوەندیم لەگەڵدا ببڕن."

زێباری، کە هەواڵی لۆکاڵی بۆ چەند دەزگایەکی تەلەفزیۆن و رادیۆ رووماڵ دەکات، دەڵێت چەندجارێك هێرشی کراوەتەسەر و بەندکراوە و ئامێرەکانی دەستیانبەسەرداگیراوە و شکێندراون. هێندە ماندووبووە لە لێدان و فشار و نەبوونی پارێزگاری بۆ ڕۆژنامەنووسانی لۆکاڵی، زێباری، کە لە ناوچەی بادینان لە باکوری ڕۆژئاوای دهۆك دادەنیشێت، دەڵێت بیر لە جێهێشتنی کوردستانی عێراق دەکاتەوە.

زێباری، کار بۆ ئەو دەزگایانە دەکات پەیوەندیان بە حیزبی حوکمڕانەوە نییە، دەڵێت، "ئازادی رادەربڕین لە کەناری لەناوچووندایە. قسەکردن لەسەر ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکانی وەکو وەدات حوسێن هێڵی سوورە. قسەکردن لەسەر گەندەڵی ئەندامانی خانەوادەی حوکمڕان یاخود ئەوانەی پەیوەندیان بە بنەماڵەی بارزانی هەیە مەحاڵە. ڕۆژنامەنووسە فریلانسەکان لە کوردستان هیچ مافێکیان نییە."

زێباری یەکێك بوو لەو پێنج ڕۆژنامەنووسەی CPJ ئەمساڵ لە هەولێر و سلێمانی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکردن. هەموویان باسی ئەوە دەکەن چۆن ناکۆکییەکانی نێوان دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق - پارتی دیموکراتی کوردستانی حوکمڕان (پ.د.ك)، کە کۆنترۆڵی ناوچەکانی هەولێر و دهۆك دەکات، و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، (ی.ن.ك) کە کۆنترۆڵی ناوچەی سلێمانی دەکات، بوونەتەهۆی دروستبوونی کێشە لە دەسەلات و ئەوانەی دیداریان لەگەڵ دەکەن. نەبوونی لێپێچینەوە لە حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر میدیاکاران و نەبوونی دەسەڵاتێکی دادوەری ڕاستەقینەی سەربەخۆ و دامەزراوەیەك کە کاروباری میدیا ڕێکبخات، ڕۆژنامەنووسانی بەجۆرێك هێشتۆتەوە هەست بەلاوازی و زیادبوونی مەترسی لەسەر گیانیان بکەن.

هانا چۆمانی، پەیامنێر و وێنەگر بۆ کەناڵی دوارۆژ، بە CPJ ڕاگەیاند ڕۆژانە ڕووبەڕووی ناڕەحەتی دەبێتەوە کاتێك خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسییە لە هەولێر. دەڵێت، "وەکو پەیامنێرانی ناوخۆیی، هەمیشە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەماندا ڕووبەڕووی بەربەست دەبینەوە و ناپارێزرێین. ئەو پەیامنێرانەی کار بۆ ئەو دەزگایانە دەکەن بنکەکەیان لە سلێمانییە توشی گرفت دەبن کاتێك ڕووماڵی هەواڵی هەولێر دەکەن یاخود بەپێچەوانەوە."

دەزگاکەی، دوارۆژ، موڵکی ئاسیاسێڵە، کە کۆمپانیایەکی بواری پەیوەندییەکانە و لەلایەن بزنسمانێکەوە بەناوی فاروق مەلا مستەفا خاوەنداری دەکرێت کە پەیوەندی بە ی.ن.ك هەیە.

چۆمانی گوتی، "زۆرجار کاتێك دیدار ئەنجامدەدەین یاخود وێنەدەگرین، ئەفسەر کە جلی مەدەنی لەبەردایە و دەڵێن ئاسایشن ڕێگەمان لێدەگرن کاربکەین چونکە دوارۆژ لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی ناکرێت. هەندێکجار خەڵکی مەدەنی جوێنم پێدەدەن و ڕەتیدەکەنەوە قسەم بۆ بکەن چونکە دوارۆژ رەخنەگرە لە دەسەڵات."

ئاسۆس هەردی، دامەزرێنەری دوو رۆژنامەی سەربەخۆیی کوردییە بەناوەکانی هاوڵاتی و ئاوێنە، گوتی ناکۆکی حیزبی بۆتەهۆی زیادبوونی هەراسانکردن و هێرش بۆ سەر رۆژنامەڤانان.

ئاسۆس، لە ئۆفیسە سادەکەی لە سلێمانی بە CPJ گووت، "هەر پارتێك ناوچەی حوکمڕانی خۆی هەیە، هێزی چەکداری خۆی هەیە، رەخنەگرتن و فرەیی رێگەی پێنادرێت. لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵیاندایە، دەتوانن هێرش بکەنە سەر رۆژنامەنووسان، دەتوانن بیانڕفێنن، دەتوانن بەندیانبکەن. رۆژنامەنووسان دەکرێت لەگەڵ پارتە سیاسییەکان و ئەندامانیان تووشی گرفت ببن. هیچ بەرپرسێکی حکومی، حیزبی، یاخود ئاسایش هەرگیز لەلایەن دادگاوە سزانەدراوە بەهۆی ئەوەی هێرشیکردۆتەوە سەر رۆژنامەنووسان."

لەوەتەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدراوە، CPJ چەندین حاڵەتی بەندکردن، هەراسانکردن، پەلامار و هێرشی تۆمارکردووە کە هەردوو حیزبەکە ئەنجامیانداوە. حاڵەتەکانی کوشتنی رۆژنامەنووسانی وەکو کاوە گەرمیانی کە بەهۆی کارەکەیەوە ساڵی ٢٠١٣ کوژرا، و کوشتنی پەیامنێر، وەدات حوسێن، لە دهۆك تا ئێستا چارەسەرنەکراون. ڤێنیزەر رەڤینك، پارێزەرێك کە بەدوای دادپەروەریەوەیە بۆ وەدات، گوتی پۆلیس و دەسەڵات دابینکردنی بەڵگە و ڤیدیۆی ناوچەکە دوادەخەن کە تیایدا وەدات حوسێن لە مانگی ئابی ٢٠١٦ رفێندرا.

نە وەزارەتی دادی کوردستان و نە نوسینگەی راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئیمەیڵێکی 5 ی ئەیلولی CPJ یان نەدایەوە کە داوای سەرنجی لەوبارەیەوە لێکردبوون.

ئاسۆس هەردی گوتی نەبونی دادگای سەربەخۆ واتا یاسا، کە لە بنەڕەتدا دەبێت پارێزگاری لە رۆژنامەنووسان بکات، جێبەجێناکرێت یاخود تەنیا بەگوێرەی بەرژوەندی حیزبەکان جێبەجێدەکرێت. گوتی کرێنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە وەکو سەندیکای رۆژنامەنووسان- کە دامەزراوەیەکە لەلایەن حکومەتەوە پارەی بۆ دابیندەکرێت تا بەرگری لە مافی رۆژنامەنووسان بکات، وایکردووە کەس نەبێت رۆژنامەنووس بپارێزێت.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەڵامی ئیمەیڵی CPJ نەدایەوە کە رۆژی ٨ ی ئاب ناردی بۆ وەرگرتنی سەرنجیان لەوبارەیەوە.

کەمال چۆمانی، رۆژنامەنووسێکی فریلانس کە لەهامبوورگ دادەنیشێت و لێکۆڵەرێکی پەیمانگای تەحریرە بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە CPJ راگەیاند کە میدیای سەربەخۆ لە کوردستان لەژێر فشاری پارتە سیاسییەکاندا لەناودەچێت. دوای ئەوەی رووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن و هەوڵی گرتن بووەوە، کوردستانی عێراقی لە ئازاری ٢٠١٨ جێهێشت. کەمال چۆمانی خزمی پەیامنێر هانا چۆمانییە. گوتی پێیوایە ئازادی رادەربڕین لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی نوێ، مەسرور بارزانی، کە ئەندامێکی پ.د.ك، خراپتردەبێت چونکە ئەو سەرکردەیە باکگراوندی هەواڵگری و ئاسایشی هەیە و پێشتر سەرکردایەتی ئەو دەزگایانەی کردووە.

کەمال چۆمانی گوتی، "هەریەکە لە پ.د.ك. و ی.ن.ك رۆژنامەنووسی سەربەخۆ وەکو دووژمن دەبینن، و رۆژنامەنووسان یەکەم کەس دەبن کە زیانیان پێبگات کاتێك خۆپیشاندان روودەدات یاخود گرژی لە نێوان پارتەکان دروست دەبێت. رۆژنامەنووسان ناپارێزرێن. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە. پۆستەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان لە نێوان پ.د.ك و ی.ن.ك دابەشکراوە، هەرچەندە هەندێکجار هاوکاری یاسایی پێشکەش بە ئەندامەکانی دەکات، ئەوانەی ئەندام نین ئەو یارمەتییە وەرناگرن."

گوتی، "یاسایەکی ڕۆژنامەگەریمان هەیە، کە سەرەڕای چەند بۆشاییەکی یاسایی، باشە، بەڵام حیزبەکان پەنا بۆ یاساکانی دیکە دەبەن وەکو یاسای ڕێگریکردن لە خراپبەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی پێ دادگایی بکەن."

ڕۆژی ١٦ ی ئاب، CPJ ئیمەیڵی بۆ نوسینگەی ڕاگەیاندنی پ.د.ك. و ی.ن.ك نارد تا سەرنجیان هەبێت. کەسیان وەڵامیان نەدایەوە.

## بۆشایی یاسایی

یاسای ڕۆژنامەنووسانی ساڵی ٢٠٠٧ی کوردستانی عێراق ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین دابیندەکات، ماف دەدات بە ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەکانیان ئاشکرانەکەن، هەروەها دەڵێت نابێت زانیاری و بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان ببنە هۆکار بۆ ئازاردانیان، و هەرکەسێك لە ماوەی کارکردندا سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووس بکات یاخود ئازاری جەستەیان بدات، دەبێت سزابدرێت. هەروەهان سنور بۆ ئازادی ڕادەربڕین دادەنێت و لێکدانەوەی یاساکە بۆ دەسەڵات لێدەگەڕێت، و ڕێگەدەدات یاساکە لە لایەن یاسای دیکە وەکو یاسای سزادانی عێراقی و بڕیاری دادوەرییەوە جێگەی بگیرێتەوە.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی هەوڵیانداوە یاساکە بۆ تەحەداکردنی دەسەڵات و هێزەکانی ئاسایش بەکاربهێنن بە CPJ یان گوتووە کە هەمیشە ڕووبەڕووی دیوارێك بێ باکی و دواخستن بوونەتەوە.

لە مانگی ئابی 2010، ئاری لوقمان، کە دەزگاکەی تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN) سەربە پارتی ئۆپۆزسیۆن گۆڕانە، سەرۆک شارەوانی، بەڕێوبەری پۆلیس و ئاسایشی چەمچەماڵی داوەتە دادگا بەهۆی شکاندنی کامێراکەی و بەندکرنییەوە بۆ ماوەیەکی کورت کاتێک ڕووماڵی خۆپیشاندانێکی کردووە. نۆ ساڵ تێپەڕیووە و هێشتا ئاری لوقمان دەڵێت چاوەڕوانی بڕیاری دادگایە.

ئاری لوقمان دەڵێت "لە مانگی ئازاری ٢٠١٩، داوای لێکرا بچێتە بارەگای پۆلیس و دادگا تا یەکجار ئیفادە بدات، بەڵام هیچی لێ سەوز نەبوو. یاسا لێرە بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێناکرێت. فایلەکان دەخرێنە ژێری ژێرەوە تا کەیسەکە نەبردرێتە پێش."

ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەی (KNN) کە قسەمان لەگەڵکردن گوتیان بەرپرسان یاسای ڕۆژنامەنووسی وەلادەنێن تا داوای قەرەبووی لە ڕادەبەدەر گەورە بکەن بۆ حاڵەتەکانی وەکو ناوزڕاندن.

ڕەنج عوسمان، بەڕێوبەری (KNN) لە شاری ڕانیە، پێی ڕاگەیاندین کە فەرماندەیەکی سەربازی ی.ن.ك بەناوی ڕەسوڵ عومەر لەتیف، ئەو و پەیامنێرێکی دیکەی تۆڕەکەی، پیشدەر بابەکر، بە تۆمەتی ناوزڕاندن مانگی نۆڤەمبەر داوەتە دادگا. فەرماندەکە، لەتیف، سکاڵاکەی لە ژێر یاسای سزادانی عێراقی تۆمارکرد لە جیاتی یاسای ڕۆژنامەگەری.

فەرماندەکە داوای یەك ملیار دیناری عێراقی دەکات. عوسمان گوتی ئەگەر سکاڵاکە لە ژێر یاسای ڕۆژنامەگەری تۆماربکرایە، سزاکەی کەمتر دەبوو لە دوو ملیۆن دیناری عێراق و بڵاوکردنەوەی داوای لێبوردنێکی ئاشکرا.

عوسمان دەڵێت، "دووجار دادگاییەکە دواخراوە. پێموایە ئەم حاڵەتە بۆ ئەوەیە فشار بخەنە سەر ڕۆژنامەنووسان و بێدەنگیان بکەن. دادگاکانی کوردستان سەربەخۆ نین. پارتە سیاسییەکان یاسا دەگۆڕن بەجۆرێك لە بەرژەوەندیان بێت."

هاوتۆمەتبارەکەی، بابەکر، بە سی پی جەی ڕاگەیاند کەیسەکە سیاسییە.

بابەکر گوتی، "یەکێتی و پارتی هەر ڕاپۆرتێکی ڕەخنەگرانە بە ناوزراندن و هاندانی توندوتیژی دادەنێن. واهەستدەکەن کەس ناتوانێت دەستیان بۆبەرێت و لەسەروو ڕەخنەوەن و ڕۆژنامەنووسان بە ناسەقامگیرکردنی وڵات تۆمەتبار دەکەن. داوای یارمەتیم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کردووە بەڵام هیچ شتێك تا ئێستا ڕووینەداوە. هەستدەکەم ژیانم لە مەترسیدایە."

نوسینگەی ڕاگەیاندنی ی.ن.ك وەڵامی ئیمەیڵی سی پی جەی نەدایەوە تا سەرنج لەسەر ناوزڕاندنەکەی (KNN) بدات.

ڕۆژنامەنووسەکەی دوارۆژ هانا چۆمانی گوتی بارودۆخی میدیا لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی دەبێتەهۆی دروستبوونی خود-سانسۆرکردن.

گوتی "گرفتەکە نەبوونی پارێزگاری یاسایی و جەستییە بۆ ڕۆژنامەنووسان. هەندێك مەسەلە هەیە ڕوومالّیان ناکەم چونکە ژیانم دەخەنە مەترسییەوە و کەس نایەت بە هانامەوە."